# سەنتێزی* کوردی

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و میللەتان هەر لە سەرەتاوە بە درێژایی مێژوو شتیان لە یەکتری وەرگرتوە و کاریان کردوەتە سەر یەکتری، هەر وەک نوسەرێ دەیگوت: شارستانی بریتیە لە دزینی شارستانی و زانیاری ئەوەی تر.
فەرەنسیەکان سەنتێزی شارستانی عەرەب بەهۆی شەڕی خاچەکانەوە، یۆنانیەکان و ئیتالیەکانی کرد، زانیاریان لەوێوە وەرگرت، دوایش شۆڕشی فەرەنسی رویدا. شارستانی فەرەنسی بە هەموو ئەوروپادا بڵاوبوەوە و کاری کردە سەر، تەنانەت بۆ بەشەکانی تری جیهان.
" فرە دینی، فرەفەرهەنگی، فرەحیزبی، فرەفیکر.........." خۆی لە خۆیدا عامیلێکی دینامیکی و ئیجابیە و هۆش دەکاتەوە و زانیاری پتر دەکات، بەڵام لایەنی سەلبی هەیە گەر بە شێوەیەکی ئیجابی و ئەقلانی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ، ناکۆکی و چەواشەیی دروست دەکات. گرنگ ئەوەیە چۆن ئەو فرەییە بەشێوەیەکی ئیجابی بەکاربهێنرێ و سەنتێزی هەموویان بکات.
کوردیش لە نێوان سێ شارستانیدایە " تورک و عەرەب و فارس "، ئەوتوە گەلانە بووە، کاریگەری یۆنانیە کۆنەکانی لەسەر بووە و لەوێ بوون و لێوەی نزیکن، ئێستاش شوێنەواری یۆنانینەکان هەیە لە ناوچەی سلێمانی و هەولێر و دهۆک..زۆر شتی یۆنای دۆزراوەتەوە. لە کۆندا سەرمرێگا بووە، بە هۆی هاتوچۆ و کاروانی بازرگانی ئاشنایی لەگەڵ چین هەبووە، زۆر شتی کەلتوری لە دێهاتەکاندا هەیە لە چین وەرگیراوە و هاتوە.
ئەمرۆکەش کوردێکی زۆر بڵاوبوەتەوە بە هەموو قوژبنێکی جیهاندا، سودی خۆی هەیە. بەڵام کورد وەک میللەت و ئیلیتەکەی و ئیدارەکەی لێی هوشیار نین. هەروا هەرەمەکی سواری پاپۆڕەکە بوون، بێ ئەخشە و بێ هەوارگە بەرەو کوێ دەڕۆن!، کە بتوانن بە شێوەیەکی سیستماتیکی و میتۆدی سەنتێزی زانیاری ئەو شارستانی و میللەتانە بکەن بۆ میللەتەکەی خۆی. چونکە هەر وڵاتێ تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەجۆرێک شت دەبینێ و بەگوێرەی فەرهەنگی میللەتەکەی شت دەچەسپێنێ ، هەوییەتێک بۆ خۆی دروست دەکات. هەروەک رۆژنامەنوسێکی سویدی دەیگوت ئێمە ئەوەی چاکە لە ئەمریکا دەیهێنین و ئەوەی خراپە بەجێی دەهێڵین بۆ خۆیان.
فەرەنسا گرنگی دەدات بە فەرهەنگ ، ئەدەب و نوسین و فیکرە، وڵاتی کتێبە،روانین بۆ کۆمەڵ و مرۆڤایەتی. سوید پراگماتیکە گرنگی دەدات بە باری ژیانی رۆژانەی دانیشتوانەکەی، کێشەی ژن و منداڵ لە کۆمەڵدا. ئەمریکا درێژکراوەی شارستانی ئەوروپایە و دەستکاریان کردوە، گرنگی دەدات بە لیبرالیتی لە هەموو بوارێکی ژیاندا و چارەسەرکردنی هەموو شتێ بە تەکنۆلۆژی تازە، کۆمەڵگەی ئیستهلاک کەر دروستکردن ، بیرناکەنەوە لە کۆمەڵگا، کرنگ سەرکەوتووی تاکە، تاکێتی ماتۆری کۆمەڵەکەیانە و ئەوی تری تەکنۆلۆژیا چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە.
کۆمەڵگای کوردی دەبێت سەنتێزی ئەو شارستانی و زانیاریانە بکات. گەشەکردن بە سیستمی کۆمەڵایەتی خۆی کە لە عەرەب و فارس و تورکەوە نزیکە. فۆنەتیکی زمانی کوردی لە فەرەنسیەوە نزیکە،گەر وشەیەک وەربگیرێ دەبێ لە فەرەنسیەوە بیهێنێ، بۆ کورد ئاسانترە بڵێ ئۆپۆزیسیون و سۆسیالیست وەک لە ئۆپۆزیشن و سۆشیالیت، دەبێ ئەدەبی بیەستێتەوە بە ئەدەبی فەرەنسیەوە ، دەوڵەمەندترین ئەدەبە بۆ گوێزانەوەی فیکر، پەرەپێدانی فێربونی زمانی فەرەنسی. تۆکمەیی و مەنتیقی ئەڵمانی، زەبت و ڕەبت و ئیزمامیتی ئینگلیز. وەرگرتنی تەکنۆلۆژیا و زانستی ئەمریکی.
کە ئەو شارستانیتانەت گوێزایەوە و لە زانیاریەکان تێگەشتی ، ئەمجا سەنتێزت کرد بە گوێرەی کۆمەڵگەکەی خۆت ،دەتوانی شارستانی خۆت بینابکەی و متمانەو باوەڕت بەهێز بکەی بۆ ئاینده.

رزگار حەسەن

* سەنتێز بە فەرەنسی یا سینتەسایز بە ئینگلیزی پێچەوانەی وشەی شیکردنەوەیە. بەمانای کۆکردنەوەی پارچەکانی شتێ و کردنی بە یەک شت.